گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 3, pp. 642–653, July-September-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ڕۆڵی ئایین لە پەرەپێدان و ناساندنی شوناسی گەلی سۆمەری

کاروخ فرج کریم[1]*
[1]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێما کوردستانێ ــ عێراق.

وەرگرتن: 2026/03    پەسەندکرن: 2026/05    بەلاڤکرن: 2026/08    https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.3.1805

**پوختە:**
ئایین یەکێک بوو لە پایە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی ناسنامەی گەلانی میسۆپۆتامیا، بە تایبەتی سۆمەرییەکان کە لە کۆنترین گەلانن کە سیستەمێکی ئایینی ئاڵۆزیان پەرەپێداوە، کە تائێستاش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، هونەرییەوە هەیە، ئایین بەشێکی جەوهەری بوو لە شوناسی گەلی سۆمەری، هەروەها باوەڕیان بە ژمارەیەکی زۆر لە خواوەندەکان هەبوو، کە پەیوەندییان بە دیاردە سروشتییەکان و نەزمی گەردوونیەوە هەبووە، لە شارە دەوڵەتەکانی سۆمەریدا پەستگاکان دروستکرا، ئەم پەرستگایانە تەنها ناوەندێکی پەرستش نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی ئیداری و ئابووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بوو، ئەمەش ڕەهەندێکی بونیاد بە ئایین دەبەخشی لە دارشتنی کۆمەڵگادا، سۆمەرییەکان پێیان وابوو کە خوداوەندەکان مرۆڤیان دروست کردووە بۆ خزمەتکردنیان، لەمەوە سیستەمێکی توندی پەرستن سەریهەڵداوە، کە هەم پاشا و هەم پیاوانی ئایینی(کاهینەکان) بەشدارییان تێدا کردووە، هەروەها ڤیستیڤاڵ و ڕێورەسمە ئایینیەکان و زمان و نوسین و ئەفسانە و داستانە ئایینییەکان، بوون بە بەشێکی گرنگ لە شوناسی ئایینی و کلتوری گەلی سۆمەری، پادشا وەک نوێنەری خودایی یان ڕاسپێردراو لەلایەن خوداوەندەکانەوە سەیر دەکرا، ئەمەش شەرعیەتی ئایینی بە دەسەڵاتی سیاسی دەدا و سیمایەکی پیرۆزی بە ناسنامەی سۆمەری دەبەخشی، پەرستگاکان(زەقورە)بە شوێنێکی پیرۆز سەیردەکرا و تێیدا پەرستش و قوربانیان بۆ خوداوەندەکانیان ئەنجام دەدا، کە ئەمەش پەیوەست بوو بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە، ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی لایەنی گرنگی ئایینە لە چڕ کردن و باڵاکردنی شوناسی گەلی سۆمەری، کە مۆرکێکی هەمیشەیی وەرگرتبوو لە یەکخستنی چینەکانی کۆمەڵگە و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی پاشاکان کە خۆیان وەک نوێنەری خواوەند پیشان دەدا لەسەر زەوی، بیروباوەڕی ئایینی و پەرستگاکان ناوەندێکی گرنگی چالاکیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و بازرگانی و ڕۆشنبیری بوو، بەشێکی دانەبڕاو بوو لە شوناسە کولتووری و سیاسییەکانی سۆمەرییەکان. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە، چۆن و بە چ ڕێگایەک ئایینی سۆمەری بە هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەلی سۆمەری دادەنرێت؟

**کلیلە ووشە:** سۆمەری، پەرستگا، ئایین، گەلانی دێرین، شوناس.

## پێشەکی

میسۆپۆتامیا، یان خاکی نێوان دوو ڕووبار، بە شارستانیەتی یەکەمی مرۆڤایەتی دادەنرێت، سەرەتاییترین کۆمەڵگا شارستانییە ناسراوەکان لە مێژوودا لە کەناری ڕووباری دیجلە و فوراتەوە سەریان هەڵداوە، لەم ناوچە بەپیتەدا کە لە باشووری عێراقی ئێستاوە بەرەو باکوور تا تورکیا و سوریا درێژدەبێتەوە، چەندین شارستانییەت گەشەیان کرد و جێ پەنجەی قووڵیان لەسەر ڕەوتی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە، دیارترینی ئەو شارستانیەتانە شارستانیەتی سۆمەری بوو کە بە یەکەم شارستانیەتی نووسراو دادەنرێت لە مێژووودا، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ئایین لە دارشتنی ناسنامەی گەلی سۆمەرییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی ڕۆشنایی دەخاتە سەر کۆنترین سیستەمی ئایینی ڕێکخراو لە مێژوودا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاشکرای دەکات کە چۆن شوناسی بەکۆمەڵی ئەو گەلانە بە هۆی بیروباوەڕی ئایینی و پراکتیزەکردنی ڕێورەسمەکانیانەوە لە قاڵب دراوە، ئایین لەلای سۆمەرییەکان تەنیا کۆمەڵێک بیروباوەڕی کەسی نەبوو، بەڵکو پەیکەری کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی ڕێکخستبوو کە ئەندامانی کۆمەڵگای بەیەکەوە دەبەستەوە و پێگەی هەر تاکێکی لەناو گروپەکەدا دیاری دەکرد. ئایین لە شارستانیەتی سۆمەری دا بناغەیەکی پتەوی پێکدەهێنا کە ناسنامەی کولتووری و کۆمەڵایەتی میسۆپۆتامیای لەسەر بنیات نرا، لە ڕێگەی ئەفسانە و داستانە ئایینییەکانەوە، وەک داستانی گیلگامێش و ئەفسانەی لافاو، هەروەها سیستەمی ئایینی چوارچێوەیەکی بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دامەزراند و سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی دیاری دەکرد.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لە ڕۆڵی ئایین لە پەرەپێدانی ناسنامەی گەلی سۆمەری لە چەندین بنەمای سەرەکیەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکەم: تێگەیشتن لە بناغە ئایینییەکانی شوناس لەم شارستانییەتە کۆنانەدا یارمەتیدەرمانە

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن شوناسی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا بە گشتی دروست دەبێت، هەروەها بیروباوەڕی ئایینی چۆن کاریگەری لەسەر دروستبوونی هەستی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی کولتووری هەیە، دووەم: شارستانیەتە کۆنەکانی میسۆپۆتامیا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر شارستانیەتەکانی دواتر لە ناوچەکە لە ناوەوە و دەرەوە هەبووە، هەر بۆیەش لێکۆڵینەوە لە بناغە ئایینییەکانیان یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە گەشەکردنی بیری ئایینی و کولتووری لە ناوچەکەدا، جگە لەوەش سیستەمە ئایینییەکانی سۆمەری هەمەجۆریی و ئاڵۆزییەکی سەرسوڕهێنەر پیشان دەدەن، لە فۆرمەکانی سەرەتای پەرستنی سروشتەوە پەرەدەسەنن بۆ سیستەمێکی ئاڵۆز کە لە سەدان خوداوەند پێکهاتوون، هەریەکەیان ڕۆڵێکی تایبەتیان لە گەردوون و کۆمەڵگادا هەبووە، ئەم فرەچەشنە ئایینییە لە فرەچەشنی شوناسی کولتووریدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، بەو پێیەی هەر شارێک یان ناوچەیەک تایبەتمەندییە کولتوورییە جیاوازەکانی خۆی پەرەپێدا و لە هەمان کاتدا چوارچێوەی گشتی شوناسی سۆمەرییەیان پاراست، لێکۆڵینەوە لەم بابەتە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئایین و دەسەڵاتی سیاسی لەم قۆناغەدا ئاشکرا دەکات، کە فەرمانڕەواکان شەرعیەتی خۆیان لە خوداوەندەکانەوە وەرگرتووە و پەرستگاکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەبووە، ئەم یارییە تێکەڵەی نێوان ئایین و سیاسەت، بووە هۆی دروستبوونی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی بەهێز و یەکگرتوو، کە دڵسۆزی بۆ خودا بە واتای دڵسۆزی بۆ شار و فەرمانڕەوا بوو.

تێگەیشتن لەو ڕۆڵەی ئایین کە لە داڕشتنی شوناسی میسۆپۆتامیادا بینیویەتی، یارمەتیدەرمانە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چەمکەکانی دادپەروەری و یاسا لەم ناوچەیەدا چۆن پەرەیان سەندووە، ئەم پەرەسەندنە یاساییە کە پەیوەندییەکی نزیکی بە بیروباوەڕی ئایینیەوە هەبوو، بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی کولتووری گەلانی ناوچەکە، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ئایین لە پەرەپێدانی ناسنامەی گەلی سۆمەری، دەروازەیەکی گرنگ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی شارستانییەتە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، ئایین لەم ناوچەیەدا تەنیا سیستەمێکی بیروباوەڕ نەبووە، ئەو هێزە بزوێنەرە بوو کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی لە قاڵب دا، لە کۆمەڵایەتییەوە تا سیاسی و ئابووری، بە تێگەیشتن لەم ڕۆڵە سەرەکییەی ئایین، دەتوانین تێگەیشتنێکی قووڵتر بەدەست بهێنین کە گەلی سۆمەری چۆن ناسنامەی کولتووری جیاوازیان پەرەپێداوە، کە بۆ هەزاران ساڵ کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەروەها ئەوە دەردەخات کە شوناسی کولتووری تەنیا کۆمەڵێک تایبەتمەندی جێگیر نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکییە کە پەرەدەسێنێت و لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت، ئەم هاوسەنگییە لە نێوان بەردەوامی و گۆڕانکاری لە شوناسی ئایینی گەلی سۆمەریدا مۆدێلێکی گرنگمان بۆ دابین دەکات بۆ تێگەیشتن لەوەی کە شوناسە کولتوورییەکان چۆن پەرەیان سەندووە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان بە درێژایی مێژوو.

### ١.١ تێڕوانینێکی تیۆری بۆ چەمکی شوناس و شوناسی ئایینی سۆمەری:

بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە قووڵەکانی شارستانییەتی سۆمەری، پێویستە سەرەتا چەمکی "شوناس" وەک چوارچێوەیەکی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی پێناسە بکەین. شوناس بە گشتی بریتییە لەو پرۆسە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە تاک یان گروپ لە ڕێگەیەوە خۆیان دەناسن و لە "ئەوانی تر" جیادەکەنەوە؛ ئەمە سیستمێکە لە مانا و هێماکان کە ڕەفتاری مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگەدا ڕێکدەخات (Jenkins,2008,p.5) لە کۆمەڵگە دێرینەکانی وەک میسۆپۆتامیا، شوناس بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە دەوری "ئایین" چڕ دەبووەوە، چونکە ئایین تەنها باوەڕێکی ڕۆحی نەبوو، بەڵکو "سیستمێکی کولتووری" بوو کە هەموو کایەکانی ژیانی ڕێکدەخست (Geertz,1973,p.90).

لەم سۆنگەیەوە، "شوناسی ئایینی سۆمەری" دەکرێت وەک "بونیادێکی سیمبۆلی و کۆمەڵایەتی" پێناسە بکرێت، کە تێیدا مرۆڤی سۆمەری ئینتیمای خۆی بۆ خاک و دەوڵەتەشار لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ئەندامی لەگەڵ خوداوەندەکاندا دەبینییەوە. ئەم شوناسە لەسەر سێ پایەی جەوهەری دامەزرابوو: یەکەم، "شوناسی پارێزگاری" کە تیایدا هەموو شارێک خوداوەندێکی تایبەتی هەبوو وەک ناسێنەری سیاسی و کولتووری ئەو شارە؛ دووەم، "شوناسی گەردوونی" کە لە ڕێگەی پانتێۆنی خوداوەندە هاوبەشەکانەوە یەکێتییەکی نەتەوەیی بە هەموو سۆمەرییەکان دەبەخشی (Kramer, 1963,p.112). سێیەم، "شوناسی ئەرکی"، کە تێیدا مرۆڤی سۆمەری شوناسی خۆی وەک "خزمەتکاری خوداوەند" پێناسە دەکرد، ئەمەش وای دەکرد هەموو چالاکییەکی مرۆیی (کشتوکاڵ، جەنگ، بیناسازی) ڕەهەندێکی پیرۆز و ناسنامەیی وەربگرێت (Jacobsen,1976,p.37). ئەم یەکێتییە شوناسییە ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت دوای زاڵبوونی گەلانی تریش، جەوهەری شوناسە ئایینییە سۆمەرییەکە وەک میراتێکی شارستانی بۆ هەزاران ساڵ بەردەوام بوو (ماجدی، ١٩٩٨، ص١٠١).

### ٢.١ تایبەتمەندی ئایین وەک پێکهێنەری شوناس لە کۆمەڵگەی کۆنی سۆمەریدا:

بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەی سۆمەری، پێویستە سەرەتا چەمکی "شوناسی ئایینی سۆمەری" وەک چوارچێوەیەکی فەلسەفی پێناسە بکەین (بارندر،١٩٩٣،ل١٧). شوناسی ئایینی لای سۆمەرییەکان تەنها کۆمەڵە بیروباوەڕێکی دابڕاو نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە "سیستەمێکی گشتگیری ئینتیما" کە تاک و کۆمەڵگەی لە دەوری مانا پیرۆزەکان کۆدەکردەوە. ئەم شوناسە شێوازی پەیوەندیی مرۆڤی لەگەڵ گەردوون، دەسەڵاتی سیاسی و "ئەوانی تر" دیاری دەکرد (Jacobsen,1976,p.20) . سۆمەرییەکان وەک یەکەمین نەتەوەی خاوەن یەکێتییەکی کولتووری تۆکمە لە مێزۆپۆتامیادا دەرکەوتن؛ ئەم یەکێتییە ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت دوای گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و زاڵبوونی گەلانی تریش، شوناسی

كولتووری و ئایینی سۆمەری لە ڕێگەی زمان و ئەفسانەکانەوە بۆ هەزاران ساڵ پارێزر ( Liverani,2024, p.94) زۆربەی خوداوەندەکانی سۆمەری لەناو گەلانی دوای خۆیان وەک خۆیان مانەوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر جێگیریی "ناوکە-شوناسی" سۆمەری (ماجدی،١٩٩٨، ل١٠٠). ئەم میراتە لە دەوڵەتەشارەکانی وەک (نیپوور، ئوروک، ئوور) لە ڕێگەی دەقە ئەدەبی و نزا ئایینییەکانەوە دۆزراونەتەوە کە گوزارشت لە قووڵیی ئەم شوناسە وەک "شوناسێکی شارستانیی یەکگرتوو" ی سۆمەری دەکەن (Dilek,2023,p.245-249). شوناسی ئایینی سۆمەری لەسەر دوو ڕەهەندی تیۆری و کردەیی بونیاد نراوە. ئەم شوناسە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینەوە گەشەی کرد و لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدا گەیشتە قۆناغی دامەزراوەیی و یەکگرتوویی تەواو(Postgate,1994,p.110) ئەم ناسنامە ڕۆحییە لە ئەنجامی کارلێکی مرۆڤ و ژینگەیەکی سەخت و پڕ لە تەحەدا دروست بوو(Steinkeller,2021,p.45) سۆمەرییەکان لە سەرەتاوە بە دەست ناسەقامگیریی سروشتەوە دەیانناڵاند(کریمر،١ ٩٧٣،ل٧٥). بەرەنگارییە بوونگەراییەکان وەک لافاو و وشکەساڵی، وایکرد مرۆڤی سۆمەری شوناسی خۆی لە ناو "گەڕان بەدوای پاراستنی خودایی"دا پێناسە بکات، کە تێیدا ئاسمان سەرچاوەی پیرۆزی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بوو (عبدالواحد، ١٩٩٦،ل٨٣). لێرەوە شوناسی سۆمەری وەک ئاوێنەیەک بۆ هێزە سروشتییەکان دەرکەوت؛ باوەڕیان بە خوداوەندەکان تەنها پەرستشێکی ڕووت نەبوو، بەڵکو شێوازی ژیان و سیستمی سیاسی دیاری دەکرد و وەک نیشانەی ناساندنی شوناسێکی تایبەت لە کشتوکاڵەوە تا دروستبوونی دەوڵەتەشارەکان ڕەنگی دایەوە (Leick, 2021,p.112) لە ڕوویەکی ترەوە، پۆلێنکردنی جەژنە ئایینییەکان وەک "بزوێنەری شوناسی بەکۆمەڵ" کاریان دەکرد و ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەی کولتوور بو (Cohen,1993,p.7) چیرۆکە مەزنەکانی وەک داستانی گیلگامیش و دابەزینی (ئینانا)، پێکهاتە مەعریفییەکانی شوناسی سۆمەرییان دادەڕشت (آحمد ربيع عبدالمنعم،٢٠١٧، ل٤٣) و وەک بیرەوەرییەکی کۆمەڵایەتی، هەستی ئینتیمایان بۆ خاک لای تاکەکان بەهێز دەکرد (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٧٣). بۆ نموونە جەژنی (ئاکیتو) وەک پرۆسەیەکی سیمبۆلی بۆ نوێکردنەوەی شوناسی یەکگرتووی گەلی سۆمەری کاری دەکرد و هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی لە دەوری یەک "ئامانجی پیرۆز" کۆدەکردەوە (ماجدی، ١٩٩٨، ل٩٨). ئەم سیستمە فرەخوداییە کە لە (ئانو، ئێنلیل، ئێنکی، ئینانا) پێکهاتبوو، داڕێژەری هەموو کایەکانی ژیانی سۆمەری بوو (سەلیم،٢٠١٤،ل٤٢٠-٤٢٦). هەر یەک لەم خوداوەندانە نوێنەرایەتی ڕەهەندێکی جیاوازی شوناسی سۆمەرییان دەکرد (الماجدی،١٩٩٨،ل٩٩). هەرچەندە جیاوازیی ئایینی لەنێوان دەوڵەتەشارەکاندا هەبوو، بەڵام ئەمە بەشێک بوو لە "شوناسی فرە-ڕەهەند "کە لە کۆتاییدا لە خزمەت یەکێتیی گشتیی شوناسی سۆمەریدا بوو (ماجدی، ١٩٩٨، ل١٠٢).

### ٣.١ پەرستگا (زەقورە): بەرجەستەبوونی فیزیکی و سیمبۆلیی شوناسی سۆمەری:

پەرستگا یان زەقورە لە شارستانییەتی سۆمەریدا، تەنها وەک دەستکەوتێکی تەلارسازی تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەک "چەقی گەردوونی و بنکەی سەرەکیی بونیادنانی شوناسی شار و مرۆڤی سۆمەری دەبینرێت .Eliade, 1954, p) .(12زەقورە تەنها بینایەکی ئایینی نەبوو، بەڵکو "نیشانەیەکی بینراو" بوو بۆ ناسنامەی سیاسی و کولتووریی هەر دەوڵەتەشارێک .(Bahrani,2017,p.54) باشترین نموونە، زەقوراتی گەورەی شاری ئوورە؛ ئەم پێکهاتەیە وەک سەکۆیەکی پلەداری زەبەلاح گوزارشتێکی فەلسەفی بوو لە "چیای گەردوونی"، کە وەک پردێکی پەیوەندی لە نێوان زەوی و ئاسماندا دەبینرا .(Woolley,1939,pp.3-7) لێرەوە، شوناسی سۆمەری لە ڕێگەی زەقورەوە وەک شوناسێکی ستوونی دەردەکەوێت کە ژیانی مادی بە جیهانی پیرۆزەوە دەبەستێتەوە( رشید، ١٩٦٩، ل٧٣-٧٥). ئەم گوزارشتە سیمبۆلییە لە شاری (ئوروک) و لە پەرستگای خواوەند (ئینانا) لە دەوروبەری ٣٠٠٠ پ.ز بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە تێیدا بیناسازیی ناوازە وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی شکۆی خوداوەند و چەسپاندنی "شوناسی شار" بەکارهاتووە (سەلیم، ٢٠٠٠، ل١١٢). پەرستگا لە دیدی سۆمەرییەکاندا تەنها "ماڵی خواوەند" نەبوو، بەڵکو ناوەندی بەڕێوەبردنی ژیان و شوناسی بەکۆمەڵ بوو Van De) .(Mieroop, 2020, p. 52ئەم دامەزراوەیە لەگەڵ یەکەم چرکەساتی نیشتەجێبوون لە باشووری میسۆپۆتامیا وەک ڕێکخەرێکی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا (رشید، ١٩٦٩، ل١٤-١٥). لە ڕووی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمییەوە، زەقورەکان بوونە ناوەندی بەرهەمهێنانی شوناسی ئابووری، پەرستگا مەزنترین باڵەخانەی شار بوو کە بەرزییەکەی هێمایەک بوو بۆ باڵادەستیی پیرۆزی بەسەر هەموو کایەکانی تری ژیاندا (باخەوان، ٢٠٠٣، ل٦٧). پەرستگاکان وەک "ئابوورییەکی ناوەندی" کاریان دەکرد، خاوەنی سامانێکی فراوانی کشتوکاڵی بوون و وەک ناوەندی ڕێکخستنی بازرگانی و دابەشکردنی کار، شوناسی پیشەیی و چینایەتیی تاکەکانیان دیاری دەکرد (Collins, 2021, p. 88).

### ٤.١ گۆڕستانە شاهانەییەکانی ئوور وەک ناسێنەری شوناسی ئایینی و کولتووری:

گۆڕستانە دۆزراوەکانی شاری ئوور، یەکێک لە پڕبایەخترین بەڵگە شوێنەوارییەکانن کە گوزارشتێکی قووڵ لە "پەیکەری ناسنامەیی" و دابونەریتی میتافیزیکیی سۆمەرییەکان دەکەن. ئەم گۆڕستانانە کە بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئەندازیاریی پێشکەوتوو وەک "کەوانەیی "بونیاد نراون(السعدی، ٢٠١٢، ل٨٠). تەنها شوێنی ناشتن نەبوون، بەڵکو نیشانەی تێگەیشتنی سۆمەرییەکان بوون بۆ "بەردەوامیی شوناس" تەنانەت دوای مردنیش(Ali, 1996, p. 266) . دۆزینەوەی گۆڕی کەسایەتییەکانی وەک (میس-کەلام-شار) و خانم (پو-ئابی)، گفتوگۆیەکی زانستیی چڕی لەسەر "شوناسی سەرکردایەتی" دروست کردووە(علی، ١٩٩٩، ل١٢٣). ئایا ئەم شوناسە

سیاسی بووە (میر) یان ئایینی (کاهین)؟ لە ڕاستیدا، لە فەلسەفەی سۆمەریدا ئەم دوو شوناسە لێک دانەبڕاو بوون و دەسەڵاتدار وەک نوێنەری خوداوەند لەسەر زەوی دەبینرا (Crawford, 2015, p. 72). شوناسی ئایینی سۆمەری لەم گۆڕستانانەدا لە ڕێگەی پلەبەندییەکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتییەوە بەرجەستە دەبێت، کە تێیدا پێگەی تاک لە جیهانی تردا، ڕەنگدانەوەی شوناس و پێگەی بوو لە ژیانی دنیاییدا(Pollock,1999,p.196) . ناشتنی بەکۆمەڵی جەنگاوەران، خزمەتکاران و مۆسیقاژەنان کە لە هەندێک گۆڕدا (وەک گۆڕی گەورەی مردن) دەگەیشتە زیاتر لە ٧٠ بۆ ٨٠ کەس، نیشانەی سیستمێکی سیاسی-ئایینی مەرکەزییە . (Zettler,2021,p.104) کریمر، ١٩٧١، ل١٦٥ .(ئەم ڕێوڕەسمە کە تێیدا تاکی سۆمەری شوناسی خۆی لە خزمەتکردنی "پیرۆزییەکان" و "پاشا-خوداوەند"دا دەبینییەوە، گوزارشت بوو لە شوناسێکی "قوربانیدەر" کە ئامانجی پاراستنی هاوسەنگیی گەردوونی و "پیت و فەڕی" نیشتمان بوو، لە لایەکی ترەوە، ئەو کەلوپەلە گرانبەهایانەی لەم گۆڕستانانەدا دۆزراونەتەوە، وەک کڵاوخودی زێڕینی میس-کەلام-شار و خەنجەرە لازوورییەکان، تەنها ئامرازی جوانکاری نەبوون، بەڵکو "شوناسی هونەری و تەکنیکی" سەربەخۆی سۆمەرییەکانیان پیشانی جیهان دەدا (Bahrani, 2017, p. 88).یەکێک لە دیارترین هێماکانی شوناس، "ئاڵای ئوور"ە کە دیمەنەکانی جەنگ و ئاشتی تێدا کێشراوە؛ ئەم ئاڵایە وەک "نەخشەی شوناسی کۆمەڵایەتی" کار دەکات و چینایەتی، سەرکەوتنی سەربازی و ڕێوڕەسمی ئایینی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو نیشان دەدات (Liverani, 2014, p. 102). قیسارە شکۆدارەکان کە بە سەری "گای ڕێدین" ڕازێنراونەتەوە، ئاستی باڵای مەعریفی و فەنتازیای مرۆڤی سۆمەری بەرجەستە دەکەن (عبدالحلیم، ١٩٨٣، ل١٤٧). بەم شێوەیە، شوێنەوارە مادییەکانی ئوور وەک گوزارشتکارێکی بێدەنگ بەڵام بەهێز بۆ شوناسی ئایینی و کولتووریی سۆمەرییەکان دەمێننەوە، کە چۆن توانیویانە لە ڕێگەی هونەر و ئایینەوە شوناسێکی نەمر بۆ خۆیان بونیاد بنێن (سەلیم، ٢٠١١، ل٢٠٦).

### ٥.١ داهێنانی مۆری لوولەیی و ڕۆڵی لە بونیادنانی شوناسی سۆمەری:

یەکێک لە گرنگترین دەرهاویشتە ماددییەکانی شوناسی سۆمەری، داهێنانی مۆری لوولەییە، کە وەک "واژۆیەک بۆ ناساندنی کەسایەتی" لە ناو سیستمە ئیدارییەکەدا کاری دەکرد (باقر، ٢٠١٨، ل١٠٥). مۆری لوولەیی یەکێکە لە داهێنانە جەوهەرییەکانی سۆمەرییەکان بۆ پاراستنی ماف و "شوناسی موڵکایەتی" لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدا (Sachs, 1979, p. 46). ئەم داهێنانە کە لە سەردەمی وەرکا (ئوروک) پەرەی سەند، بوو بە هێمایەکی ناسێنەر بۆ شارستانییەتی میسۆپۆتامیا و ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی تاکەکان لەناو دەزگا کارگێڕییەکاندا (Ameri et al, 2018, p. 12). مۆری لوولەیی لە پارچەیەکی بچووکی شێوە لوولەیی پێکدەهات (شاکر، ٢٠١١، ل٣٤). ئەم بچووکییەی قەبارەکەی ڕێگەی بە مرۆڤی سۆمەری دەدا کە هەمیشە "شوناسی کەسیی خۆی" بە هەڵواسراوی لە ملیدا بێت و وەک بەشێک لە جەستە و کەسایەتیی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات (باقر، ٢٠١٨، ل١٠٥). لەسەر ڕووی ئەم مۆرانە، وێنەی مرۆڤ یان خوداوەندەکان، لەگەڵ نووسینی ناو و نازناوی خاوەنەکەی، مۆرەکەیان دەگۆڕی بۆ "بەڵگەنامەیەکی ناسنامەیی" کە لە ڕێگەی سیمبوولە ئایینییەکانەوە شەرعییەتی وەردەگرت (عبدالواحید، ٢٠١٨، ل٢١)، جۆری ئەو ماددەیەی مۆرەکەی لێ دروست دەکرا، ڕەنگدانەوەی "شوناسی چینایەتی" خاوەنەکەی بوو، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بەکارهێنانی بەردی ڕەق و گرانبەهای وەک لازورد و بلور تەنها بۆ چینە باڵاکان و خاوەن دەسەڵاتەکان بوو (Pittman, 2019, p.54). هەروەها بەکارهێنانی زێڕ و زیو بۆ ڕازاندنەوەی جەمسەرەکانی مۆرەکە، ئاماژە بوو بۆ پلەوپایەی سیاسی و شوناسی ئابووریی خاوەنەکەی (عبدالحلیم، ١٩٨٣، ل٣٨). لێرەدا مۆرەکە تەنها ئامرازێکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو ناسێنەری پێگەی تاکی سۆمەری بوو لە ناو هەرەمی کۆمەڵایەتیدا؛ مۆرەکان وەک "ژیاننامەی وێنەیی" تاکەکان دەبینران کە تێیدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوداوەند و دەوڵەت کۆدەکرایەوە(Tsouparopoulou,2015,p.14) .
هەر نووسراوێک مۆری پێوە بوایە، وەک "واژۆی فەرمی" و بەڵگەنامەیەکی یاسایی تەماشا دەکرا (Kuiper, 2011, p. 36). ئەم پرۆسەیە لە تابلۆ مێخییەکانی پەرستگادا بۆ بە یاساییکردنی کاروباری ئابووری و سیاسی ڕۆڵێکی جەوهەریی دەگێڕا (نانەکەلی، ٢٠١٨، ل٧٤)، مۆرە لولەییەکان وەک "ناسنامەی پیشەیی" بۆ بەرپرسانیش کاریان دەکرد، چونکە ناو و نازناوی فەرمیی خاوەنەکەیان لەسەر بوو (دی میرۆب،٢٠٢٠،ل١٢٩). تەنانەت وەستای دروستکەری مۆر (بور-گوڵ)، ڕۆڵی وەک "داڕێژەری شوناسی وێنەیی" دەبینی، چونکە ئەو بەرپرس بوو لە گۆڕینی بیرۆکە ئایینی و سیاسییەکان بۆ هێمایەکی وێنەیی کە شوناسی کەسەکە دەردەخات (نانەکەلی، ٢٠١٨، ل٧١). ئەم مۆرانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر چەسپاندنی "شوناسی وێنەیی ئایین" هەبوو؛ لە ڕێگەی مۆرەکانەوە سیفاتی خوداوەندەکان شێوەیەکی ستانداردیان وەرگرت، ئەمەش وایکرد ئایین ببێتە واقیعێکی بەرجەستەکراو بۆ هەموو تاکێکی سۆمەری (Durant,2010,p.220). بە بەستنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی بە وێنە پیرۆزەکانەوە، مۆرەکان ڕەوایەتییەکی میتافیزیکییان بە گرێبەستەکان دەبەخشی (مهران، ١٩٩٠، ل٩١). لێرەوە شوناسی سۆمەری وەک شوناسێکی "تیۆکراسی" (ئایین-تەوەر) گەشەی کرد، کە تێیدا تاکی سۆمەری لە ڕێگەی مۆرە تایبەتییەکەیەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جیهانی پیرۆز دروست دەکرد (باخەوان، ٢٠٠٣، ل١٢٢). مۆرە لولەییەکان "ناسنامەی وێنەیی" سۆمەرییان لە ناو ململانێی شارستانییەتەکاندا دەپاراست و بوونە بنەمایەک بۆ شوناسی یاسایی و کارگێڕی کە کاریگەرییەکەی تا هەزاران ساڵ دواتر لە ناو شارستانییەتەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشووریدا بەردەوام بوو (کریمر، ١٩٧٣، ل١٧٢).

## ٦.١ کۆمەڵەی خوداوەندەکان وەک سیستمی ئایینی سۆمەری:

### ١.٦.١ خواوەند/ئانو(AN-Anu):

ئانو لەسەر لیستی خوداوەندەکانی سۆمەرییە، واتە خوداوەندی ئاسمانە، بە گەورەترین و گرنگترین خواوەندەکانی سۆمەری هەژمار دەکرێت، چونکە خوداوەندی هەموو خوداوەندەکان بووە، پەیکەری سەرەکی لەشاری(ئورک)بووە (سەلیم، ٢٠١٤،٤٢٠). ناوی ئەم خوداوەندە بەهێمای بسماری نوسراوە و لەشێوەی ئەستێرەیەکی هەشت تیشک بووە، دکتۆر فەوزی ڕشید پێی وایە ئەم نیشانەیە لەبنەڕتدا لەهێڵە یەکتر بڕەکانەوە پەرەیسەندووە، ئاماژە بە هەشت ئاراستە دەکەن کە ئاراستەکانی جیهان یان گەردوون دەنوێنێ، زۆرێک لە دەقە کۆنەکانی سۆمەری ئاماژە بەوە دەکەن کە (ئانو) باوکی زۆرێک لە خوداوەندەکان بووە(سلیم،٢٠٠٠،ص٢٩). خوداوەند (ئێنلیل)یان وەکو کوڕی ئەو ناساندووە، ئەمەش پلەبەندییەکی خێزانی لەناو پێکهاتەی خواوەندەکان نیشان دەدات، کە چەند هێمایەکی گرنگ هەڵدەگرێت و شەرعیەتی دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی لەڕێگەی ڕەچەڵەک و میتراتەوە جێگیر دەکات، ئانو نوێنەرایەتی ئەو ڕەگە دەکات کە هەموو دەسەڵاتەکانی تر لێیەوە سەرچاوە دەگرن، هاوتەریبە لەگەڵ ناوەندییەتی دەسەڵاتی باڵا لە بیری سیاسی سۆمەریدا، دەقە سۆمەرییەکان پەیوەندیەکی نزیک لە نێوان ناسنامەی سۆمەری و بیرو باوەڕی ئایینی نیشان دەدات، بەم پێیە خواوەند ئانو بە بەرجەستەکەری شوناسی گەلی سۆمەری دادەنرێت، (الماجدی، ١٩٩٨، ص ٢٥٧).

### ٢.٦.١ خواوەند/ئێنلیل (Enlil):

خواوەند ئێنلیل خواوەندی کەش و هەوا بووە، لە دوای پەرستراوی ئانوو بە پلەی دووەم دێت، مانای ناوەکەی واتە زریان یان سەرداری گێژەڵوکە دێت، سەرداری ئاسمان و زەوی بووە و بەخواوەندی هێز وتوانا و سەرکوتکەر ناسراوە، لە دەقە سەربەخۆکانی سۆمەریدا هاتووە و بە خودای زەوی ناسراوە وئاسمانەکانی لە زەوی جیاکردۆتەوە، خاوەن بڕیاری هەنوکەیی بووە، فرمانڕەوایی هەموو خواوەندەکان بووە، لە جەنگیشدا سەرکردایەتی خواوەندەکانی دەکرد، هەموو پرۆسەکان بە هاوکاری خواوەند ئێنلیل جێ بەجێ دەکرا (سەلیم،٢٠١٤،ل٤٢٤). لە چیرۆک و یاساکانی سۆمەریدا هاتووە کە یەکەمین خوداوەند بووە کە ئامرازەکانی کشتوکاڵی دروستکردووە و لەو پرۆسەیەدا کارئاسانی زۆری ئەنجامداوە، بۆیە پەیوەستکردنی بە ئێنلیلەوە بەو مانایە بووە کە کار و بەرهەمی کشتوکاڵی بەشێکی پیرۆزی ناسنامەی تاکی گەلی سۆمەری بووە، هەروەها ئێنلیل بە داهێنەری پاداشت و سزا و چاودێریکەری یاسا و ڕێساکانی مرۆڤ دادەنرێت، ملکەچ بوون لە بەرامبەر یاسا و ڕێساکان بووە مایەی گەشەکردنی شوناسی گەلی سۆمەری.(الماجدی، ١٩٩٨، ص٢٦١).

سەبارەت بە پەرستنی خواوەند (ئێنلیل) لەشاری نەفرە(نیپور) کە ناوەندی پەرستنی ئێنلیل بووە و پەرستگەکەی لەو شارە ناوی(ئەیکور)بووە،بەمانای(ماڵی شێخ یان شاخی مەزندێت) کە پایەختێکی گرنگی ئایینی و هێمای یەکێتی گەلی سۆمەری بووە، بەم شێوەیە باوەڕبوون بە ئێنلیل بوو بە بەشێک لە ناسنامەی هاوبەش کە سنوورە جوگرافیەکانی تێپەڕاند، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە یەکخستنی دەوڵەتە شارەکانی سۆمەری لەژێر یەک ئاڵای ئایینیدا، هەموو ئەمانە گەواهیدەری ئەوەن کە ئێنلیل هێمایەکی دانەبڕاوی شوناسی گەلی سۆمەری بووە، هەرچەندە(ئێنلیل) پەیوەست بووە بەشاری(نیپور)، بەڵام بەخودای باڵای هەموو سۆمەر دادنرێت(بارندر، ١٩٩٣، ص١٣).

### ٣.٦.١ خواوەند/ئەنکی (Enki):

پلەی ئەم خوداوەندە لە نێوان خوداوەندە کۆنەکانی عێراق لەدوای خواوەند ئێنلیل دێت، سۆمەرییەکان پێیان وتووە ئەنکی کە بە مانایی سەرداری زەوی دێت(سەلیم، ٢٠١١، ص٤٢٩)، سەرەڕایی ئەوەی کە خواوەندی ئاوی ژێر زەوی و ڕووبار و و دەریاچە و گۆمەکان بووە، لە تێکستە بسمارییەکاندا بە خواوەندی دانایی ناسراوە، هەربۆیە خوداوەندەکانیتر لەکاتی تەنگانەدا پرس و ڕاوێژیان پێکردووە و داوای هاوکاری و ئامۆژگاریان لێکردووە، لەبەر ئەم هۆکارانە بەخواوەندی دانایی ناسراوە، بەسەرچاوەی هێز و عەقڵ و لۆژیک دادەنرا، بەمەش پێگەیەکی تایبەتی هەبوو لەناو گەلی سۆمەریدا، کە هۆکاری ڕاستەوخۆی گەشەکردنی بنەماکانی ناسنامەی سۆمەری بووە کە ڕێنمایی گەردون و مرۆڤایەتی دەکات، مرۆڤی عێراقی کۆن باوەڕیان وابووە کە مرۆڤ لە تۆپەڵە قوڕێک دروستکراوە و دواتریش ڕۆحی خواوەندەکانیان پێدراوە، باوەڕیان وابووە کە هەر ئەم خواوەندانە بوون کە زیرەکی و نەبەردیان بە پاشاکانیان بەخشیووە و هاوکاری کاهینەکانیان کردووە کە کار و ئەرکە پیرۆزەکانیان ئەنجام بدەن بەتایبەتی ڕێوڕەسمی سیحر و جادوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمە ئاوی پیرۆز لە حەوزی(ئەپسو) لە پەرستگای ئەریدۆ دەبرا(سەلیم، ٢٠١٤،ص٤٣٠).

ئەنکی خواوەندی ئەو ئاوە شیرینانە بووە کە لەڕووبار و دەریاچەکاندا دەڕژێت و لە کانیا و و بیرەکاندا هەڵدەقوڵێت و ژیانی سەرزەوی میسۆپۆتامیا دەبوژێنێتەوە، بەم شێوەیە ئێنکی بەرجەستەبوونی یەکگرتنی ڕەهەندی مادی(زەوی و ئاو) لەگەڵ ڕەهەندی ڕۆحی(حیکمەت ودروستکردن)دا،هێمایەکی ناوەندی لەگەشەکردنی شوناسی سۆمەری لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان سروشت ومرۆڤایەتی و پیرۆزیدا پێکهێنا،سەبارەت بەشوێنی پەرستنی خواوەند (ئەنکی)لەشاری ئەریدۆ بووە کەگەورەترین شاری سۆمەریی بوووە وئەم خواوەندەی تێدا پەرستراوە(royx, 1992, p89).

### ٤.٦.١ خواوەند/کی(ki):

خواوەندی زەوییە، وا دەردەکەوێت کە خوداوەندێکی کۆنە (سەلیم،٢٠١٤،ص٤٣٥) لەدوای (نمو) دووەم خوداوەندی دایکی سۆمەرییە، خوداوەندی زەوی و منداڵبوون، پێیان وابوو هێزی چارەسەرکردنی هەیە(مؤید، ص29)، بەڵام ئەوە سەیرە ئەم خواوەندە زیاتر لە ناوێک و سیفەتێکی وەرگرتووە، واتە نوێنەرایەتی سروشت و بەخێوکردن و سەقامگیری دەکات،کە توخمە سەرەکییەکانن ناسنامەی کولتووری گەلێکی

كشتوكاڵى وەک سۆمەرييەكان دادەڕێژن،ئەم ڕۆڵە گرنگييەكى ناوەندى پێدەبەخشێت لە ئەفسانە سەبارەت بە دروستكردن و سەرەتاى گەردوون، كە زەوى (كى) بەستراوەتەوە بە ئاسمانەوە (ئان)، ئەمەش ئاماژەيە بۆ چەمكێكى گشتگير بۆ گەردوون لە خەياڵى سۆمەريدا (المعدى،٢٠١٢،ص٧٥)، ئەو برگەيە ئاماژە بەوە دەكات كە (كى) زياتر لە ناوێک و ئيسباتێكى بەدەستهێناوە (وەک نانكى، نانگرساگ و دامكينا)، ئەمەش ڕەنگدانەوەى تايبەتمەندى تێكەڵبوونى خوداييە كە لە ئايينى سۆمەريدا باو بووە، كە چەندين ئەرک لە يەک خوداوەنددا كۆكراونەتەوە، ئەم تێكەڵبوونە نەک هەر ئاڵۆزى بيرى ئايينى نيشان دەدات، بەڵكو ئەوە نيشان دەدات كە چۆن شوناسى سۆمەرى نەرم و ئاڵۆز بووە، گۆڕانكارى و سەر يەككەوتن لە ناو و ڕۆڵى خوداوەندەكاندا قبوڵ دەكات (سەليم، ٢٠١٤، ص٤٣٧)، پيتى "ن" لە زمانى سۆمەريدا ئاماژەيە بۆ "خانم" يان "خواژن"، ئەمەش وا دەكات ناوەكانى وەک "نينكى" و "نانگرساگ" هەڵگرى ڕەهەندێكى زمانەوانى بن كە ئاماژەيە بۆ مێينەيى و دەسەڵاتى پيرۆز، ئەمەش يارمەتيدەرە بۆ چەسپاندنى وێنەى ژنى پيرۆز وەک توخمێكى دانەبڕاو لە ناسنامەى سۆمەرى كە پێگەى خوداوەندە ژنەكان بەرز دەكاتەوە، بەمەش پێگەى ژن لە كۆمەڵگا و ئاييندا بەرز دەنرخێنێت، سۆمەرييەكان لە ڕێگەى (كى)ەوە پەيوەندى خۆيان لەگەڵ زەويدا وەک نيشتمان و وەک بنەچە و وەک شوناس دەربڕى، ئەمەش وەک دەربڕينێكى سەرەتايى سەر بە زەوى لێكدەدرێتەوە، هەم وەک پەيوەندييەكى ئايينى و هەم وەک پەيوەندييەكى كولتوورى، (كى) تەنها خوداوەندێكى زەوى نەبوو لە باوەڕى سۆمەرييەكان، بەڵكو بەرجەستەى شوناسێكى بەكۆمەڵ بوو كە دروستكردن و منداڵبوون و دايكايەتى و مێينەيى پيرۆز بەيەكەوە دەبەستێتەوە، ئەم ڕۆڵە بەشدارى كرد لە بنياتنانى چەمكێكى يەكگرتووى سۆمەرى سەبارەت بە بنەچە و بوون و كاريگەرى ڕاستەوخۆى لەسەر داڕشتنى ناسنامەى سۆمەرى وەک ناسنامەيەكى ئايينى-سروشتى كە ڕەگ و ڕيشەى لە هەردوو زەوى و ئاسماندا هەبوو(دێورانت، ٢٠٠٧، ل١٩-٢٠).

### ٧.١ پياوانى پەرستگا(كاهينەكان) و ڕۆڵيان لە گەشەكردنى شوناسى گەلى سۆمەريدا:

پياوانى ئايينى سۆمەرى وەک نێوەندگيرى نێوان خوداوەندەكان و مرۆڤەكان مامەڵەيان دەكرد، پێيان وابوو خوداوەندەكان هەموو لايەنەكانى ژيانيان كۆنترۆڵ كردووە، پياوانى ئايينى لەم ڕێگەيەوە ڕێوڕەسم و جەژن و فێستيڤاڵە دروستەكانى ساڵانەيان ئەنجام دەدا، ئەوان ئەو بيرۆكەيەيان بەهێزتر كرد كە نيعمەتى خودايى بۆ مانەوەى دەوڵەتە شارەكان شتێكى بنەڕەتييە، بيرى ئايينييان بە قووڵى لە ژيانى ڕۆژانە و ناسنامەى سۆمەرييەكاندا چەسپاند، بە پێشخستنى ئەفسانە و ڕێوڕەسم و عەقيدەى تيۆلۆژى، پياوانى ئايينى سيستەمێكى بيروباوەڕى هاوبەشيان لە سەرانسەرى دەوڵەتە شارە جياوازەكانى سۆمەريدا ستاندارد كرد (بارندر،١٩٩٣، ص٢٥).

ئەركى سەرەكى قەشەكان ڕێكخستنى پەيوەندى نێوان مرۆڤەكان و خوداوەندەكان بووە، پەرستنى سۆمەرى چالاكيەكى تاكەكەسييان خۆبەخۆ نەبووە، بەڵكو سيستەمێكى ئايينى ناوەندى و ڕێكخراو بووە كە پێويستى بە ڕاهێنان و بەڕێوەبردن هەبووە و متمانەى كۆمەڵايەتى و متمانەى گشتى پێبەخشيبوون، پێيان دەگوترا(EN)، ئەمەش نازناوێكى سۆمەرييە بۆ ئاماژەكردن بە پياوانى ئايينى (كاهين) و هەندێک جاريش فەرمانڕەوا، كە ڕەنگدانەوەى تێكەڵبوونى دەسەڵاتى ئايينى و سياسييە(عبدالواحيد، ٢٠١٨، ل٣٣). كاهينەكان لە ژێر چاودێرى شازادە/حاكمى ناوچەكەدا كاريان دەكرد، كە خۆى كاهينى باڵاى خوداوەند بوو، ئەمەش بەو مانايەيە كە دەسەڵاتى ئايينى لە دەسەڵاتى سياسى جيا نەبووەتەوە، بەڵكو ئەو دووانە لە نزيكەوە تێكەڵ بوون، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە بە ئايينيكردنى دەسەڵات و بە سياسى كردنى ئايين لەناو سۆمەرييەكاندا دووانەيەكى لەيەک دانەبڕاو بوون، هەروەها كاريگەرى كاروبارى كۆمەڵايەتى و سياسى لەسەر كاروبارى ئايينى ئەوە دەردەخات كە كاهينەكان ئامرازێک بوون لە داڕشتنى بەها گشتيەكان و ئاراستە كۆمەڵايەتييەكان، لەگەڵ ئاڵۆزبوونى ئايين و داب و نەريتەكان و زيادبوونى ژمارەى دانيشتووان، پەرستگاكان بوونە شوێنێكى گرنگ بۆ ئەنجامدانى ڕێوڕەسمە ئايينييەكان و هەڵگرتنى كۆگاكانى دانەوێڵە و ديارى و هێماكانى ناسنامەى بەكۆمەڵ(سليم، ٢٠٠٠، ص٣١).

بەم شێوەيە پياوانى ئايينى بوونە سيستەمێكى هەمەلايەنە بۆ بەڕێوەبردنى كۆمەڵگا لە ڕووى ئايينى و كولتوورى و ئابوورييەوە، بە تێپەڕبوونى كات كاهينەكانى پەرستگا لە ئەركێكى ئايينى سادەوە گۆڕا بۆ ئامێرێكى كارگێڕى ئاڵۆز كە لايەنە جياوازەكانى ژيانى بەڕێوەدەبرد، ئەو ئەرک وبەرپرسيارێتيانەى كە سپێردرابوون بە كاهينەكان زياتر بوو، ئەمەش كاريگەرى لەسەر لايەنى كۆمەڵايەتى و سياسى زياتركرد، ئەو برگەيە ئاماژە بەوە دەكات كە كاهينەكان بوونەتە بەرپرسى كاروبارى تايبەتى بەرفراوان، واتە چەند بوارێكيان قۆرخ كردووە: وەک سياسى، ئابورى، فەلەكناسى، كشتوكاڵ، پەرستن، پەروەردە و كارگێڕى(بارندر، ١٩٩٣، ص٢٧). پياوى پەرستگاكان (كاهينەكان) لە كۆمەڵگەى سۆمەريدا تەنها كەسايەتى ئايينى نەبوون، بەڵكو بريتى بوون لە حاكمى ڕاستەقينە كە كۆنترۆڵى زۆرێک لەبوارەكانيان كردبوو(سعيد اسماعيل على)، هەروەها نوخبەى ڕۆشنبير بوون كە پێشبينى داهاتوويان دەكرد و زانست و فەلەكناسييان لە خزمەت دەسەڵاتدا بەكاردەهێنا، سيستەمى نووسينى مێخيييان پەرەپێدا، ئەفسانە و داستانە سۆمەرييەكانيان تۆمار كردووە وەک داستانى گيلگامێش، ياسا و نەريتى كۆمەڵگايان پاراست، بەم شێوەيە كاهينەكان نەک تەنها ڕێبەرى ڕۆحى و ئايينى گەل بوون، بەڵكو ڕۆڵى سەرەكييان لە دروستكردنى سيستەمى حكومڕانى و پاراستنى كولتوور و پێكهێنانى شوناسى سۆمەرى هەبوو(الجنابى ، ٢٠١٢، ص١٢٣).

### ٨.١ داهێنانى نووسين و كاريگەرى لەسەر پەرەپێدانى شوناسى سۆمەرى:

نووسينى بزمارى لە باشوورى ميزۆپۆتاميا (نێوان دوو ڕووباران) لە ماوەى هەزارەى چوارەمى پێش زايينيدا گەشەى كرد، ئەو يەكەم زمانەى كە خەتى بزمارى بۆ بەكارهات، بە

ئەگەرێکی زۆرەوە زمانی سۆمەری بوو Hermalin and) Regier, 2019, p.422 ) نووسین دیاردەیەکی چارەنووسی بوو لە ناساندنی باری ژیان و گەشەکردنی گەلانی کۆندا (ئاسمۆڤ و وایت، ٢٠٠٣، ل٣٥ )، نوسین گەورەترین داهێنان بوو لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیادا لە دەوڵەتی شاری وەرکادا پەرەی سەند(باقر،٢٠١٨، ل١٠٥)، سۆمەرییەکان بۆ یەکەمجار نوسینیان داهێناوە بەشێوە سەرەتاییەکەی کە تەنیا وێنەکردن بووە، بەم جۆرە سۆمەرییەکان یەکەمین مرۆڤ بوون کە نوسینیان لەدوای خۆیان بۆمان بەجێ هێشتووە، ئەم داهێنانەش لە دەوروبەری(٣٥٠٠ پ.ز) بەگەورەترین هەنگاوی مرۆڤایەتی دادەنرێت بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی هزر و بیروهۆشی مرۆڤ، ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کە لە مێژووی شارستانیەتدا گەورەیی و نرخی زۆری بە سۆمەرییەکان بەخشی داهێنانی نووسین بوو، یەکێک لەلایەنەکانی شارستانیەتی سۆمەری فێربوونی نوسینە (نانەکەلی، ٢٠١٨، ل٢٦)، کە گرنگترین داهێنانی عێراقیە کۆنەکان بووە پێش هەموو شارستانێتەکانی تری مرۆڤایەتی کەوتن، بەجۆرێک هەتا نزیکەی دوو سەدە پێش نووسینی هێرۆگلیفی میسریەکانیش بووە(عبدالحلیم، ١٩٨٣، ص٧٤).

نوسین لە میزۆپۆتامیاوە دەستی پێکرد و پەرەی سەند و بڵاو بووەوە بۆ میسر، نوسینی مێخی وەک توخمێکی ناوەندی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی شارستانیەت و شوناسی سۆمەری، هەروەها بوو بەهۆی گەشەکردنی زانست و ڕێکخستنی ژیان و دەربڕینی کولتووری سۆمەری و بوو بە بناغەیەک بۆ یەکێتی کولتووری ڕۆژهەڵاتی نزیک، ڕێنووسی سۆمەری بە دایکی هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرا، ئەمەش پێگەیەکی ناوەندیی بە سۆمەرییەکان بەخشی، نووسین هێمای یەکێتی کولتووری بووە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، سەرچاوەی لە باشووری میزۆپۆتامیا بووە و لە ڕێگەی دەقەکانەوە بڵاوبووەتەوە، لە چەندین شوێن (نیپور، شوروپاک، ئور) دۆزراونەتەوە(هیدایەت، ٢٠١٣، ل٨)، سۆمەرییەکان گڵیان وەک مادەی خاو بەکارهێناوە و شێوەی هێماکان لە سەری بزمار یان نینۆک دەچوو، ژمارەی هێما مێخییەکان گەیشتە نزیکەی (٣٥٠) هێما کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی یەک ووشە دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزی و وردبینی سیستەمەکە (دۆناردۆ، ٢٠٠٨، ل٢٦)، دواتر بەرەو ڕۆژهەڵات بڵاوبۆتەوە بەرەو چین، نووسینی چینی کۆن کە پێی دەوترێت (کو - رون)، پاشان ڕێنوسی مێخی سۆمەری بڵاوبۆتەوە بۆ ناوچەکانی ئیلام لە باشوری ئێران و بووە مایەی گەشەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری ناوچە جۆراوجۆرەکان(هەرشەمی، ٢٠١٨، ل١٨).

نووسین لە سەرەتادا وەک لەخشتە نەخشکراوەکانی (ئوروک)دا دەردەکەوێ وێنە بووە، ئەم قۆناغەی نوسین پێی دەوترێت(وێنەیی)، کە بەسەردەمی بەرە بەیانی نووسین ناودەبرێت، ئەم سەردەمە لەنێوان ساڵانی( ٣٥٠٠ تا ٢٨٠٠ پ.ز) بوو، نوسراوەکان سنوردار بوون بە تۆمارکردنی کاروباری پەرستگاکان(عبدالواحید، ٢٠١٨، ل٣٩ )، یەکەمین بەڵگەی نووسین کە شایەنی تێگەیشتن بێت لە میزۆپۆتامیا لە ( ئوروک ، ئور ، جمدەت نصر) بەزمانی سۆمەری نوسراوە، ناوەندی ڕۆشنبیری بریتی بوو لە باشوری میزۆپۆتامیا، کە تێیدا مەشق و ڕاهێنانی نووسین و زۆرینەی تێکستە ئەدەبیەکان بۆ یەکەمجار بەرهەم هات، سەرهەڵدانی قوتابخانەی سۆمەری دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی داهێنان و پەرەپێدانی شێوازی نووسینی مێخی بوو، نوسینی سۆمەری بەسێ قۆناغ تێپەڕیوە، یەکەم: وێنە، لە وێنە کردنی ئەو شتە مادديانەی کە گوزارشتی لێ دەکرا، دووەم: هێما، واتە شتەکان بەهێما دەردەبڕدران، وەک وێنەی دەم بەرامبەر بە بابەتی خواردن دادەنرا، سێیەم:قۆناغی دەنگ، بۆنمونە ئەگەر باران بنوسرایە ئەوا یەکەم برگە ئاویان دەنووسی و دووەم برگە( ئاسمان) کە بەواتای ئاوی ئاسمان دەهات(ملحم، ٢٠١٥، ص٥٧)، نووسینی مێخی تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیکردن نەبوو بۆ سۆمەرییەکان، بەڵکو بریتی بوو لە بناغەیەک بۆ ناسنامەی کولتووری سۆمەری و توخمێک لە بنیاتنانی دەسەڵات و مەعریفە، فۆرمێکە لە بەردەوامی مێژوویی، بەم پێیە نووسین لە چەسپاندنی ناسنامەی سۆمەریدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، چونکە دەربڕینی ڕەمزی و ڕێکخستنی کارگێڕی و گواستنەوەی کولتووری تێکەڵ دەکرد و شارستانیەتی سۆمەری کردە یەکەم شارستانیەتی بەڵگەدار لە مێژوودا(حیلمی، ١٩٨٨، ل١٤). نووسین ڕێگەی دا بە سۆمەرییەکان کە زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دیکە بگوازنەوە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شوناسێکی بەهێز و بەردەوام کە کاریگەری لەسەر شارستانییەکانی دواتری میزۆپۆتامیا هەبوو، کەواتە نووسین نەک هەر ئامرازێک بوو بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو بنەمایەکی گرنگی ڕۆشنبیری و فکری سۆمەری بوو، کە بووە مایەی گەشەکردنی شوناسی شارستانی گەلی سۆمەری(الماجدی،١٩٩٨،ص٤٠-٤١).

### ٩.١ دەوڵەتە شارەکان وەک بنەمایەکی گرنگ لەگەشەکردنی شوناسی سۆمەری.

#### ١.٩.١ بنەماڵەی لەگشی یەکەم:

ئەم بنەماڵەیە شانشینی خۆیان لەشاری (لەگش) دامەزراند (مهران، ١٩٩٠، ص١٠٣)، کە دەکەوێتە ناوچەی غەڕاف لەنێوان عەممارەو ناسریە، ناوی لە لیستی پاشایانی سۆمەر نەهاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پەرستگای خوداوەند(ئەنلیل) دانی پیا نەناوە، دیارە دانان بە پەرستگا مەرج بووە بۆ هەر دەوڵەتە شارێک(عبدالواحید، ٢٠١٨، ل٣٦)، بەڵام ئەو دەقە بسماریە زۆرانەی کە لەشاری لەگش دۆزراوەتەوە، مێژووییان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست و پێنجی پێش زایین(شاکر، ٢٠١١، ل٣٨ – ٣٩)، (١٠)پاشا نزیکەی (١٦٥) ساڵ لە نێوان(٢٥٢٠ -٢٣٥٥)پێش زاینی حوکمڕانیان کردووە، لەدوای خۆیانەوە هەواڵی زۆریان لەبارەی ئاوەدانی و جەنگ و دەقی مێژوویانەوە بەجێ هێشتووە، شاری (لەگش) پایتەختی دەوڵەتەکەبووە، هەردوو شاری (گرسۆ و نسنا) سەر بە دەوڵەتەشاری لەگش بوونە(عبدالواحید، ٢٠١٨، ل٣٧)، ئور نانشە: دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەیە، کە لەدەوروبەری ساڵانی(٢٥٢٠ -٢٤٩٠ پ.ز) حوکمڕانی کردووە، بایەخی بە ئاوەدانکردنەوەی شاری (لەگش) داوەو هەروەها پەرستگاکانیشی نۆژەنکردۆتەوە، لەوانە پەرستگای( ننجرسو)، کە پەرستگای خواوەندی شاری

لەگش بووە (كريمر، ١٩٧٣، ص١١١). لە دوای ئورناشە كوڕەكەی (ئاكورگال-Akurgal) هاتە سەرتەختی پاشایەتی دەوڵەتشاری لەگش، لە ماوەی دەسەڵاتە كورتەكەیدا لەگەڵ (ئوش)فەرمانڕەوای (ئوما) بەهۆی كێشەی سنوری نێوانیان ڕووبەڕووی كێشەو ناكۆكی بووە، پاش (ئاكورگال) كوڕەكەی (ئیناتوم Eannatum) دەسەڵاتی گرتە دەست، لە سەرەتای دەسەڵاتەكەیدا خەریكی چاكسازی ناوخۆی بوو، وەك دروستكردنی كەناڵ و دروستكردنی بیرێك بۆ پەرستگای (ننگرسو)، جگە لە كاری بیناكار و ئاوەدانكردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگاوەرێكی گەورەبوو وەك لە نوسراوەكاندا ئاماژەی بۆ دەكەن، چەندین شەڕی كردووەو تێیدا شكستی بە ئیلامیەكان هێناوە لە ڕۆژهەڵاتی وولاتەكەیاندا، هەروها لەچەند شەڕێكی تردا شارەكانی( ئوما و ئوروك و ئوركسین و ماری) خستە ژێر دەستی خۆیەوە (مهران،١٩٩٠،ص١٠٤).

(ئین ئناتم)لە پاش سەركەوتنی براكەی بەسەر ئوما، بووە پاشای لەگش و زیاتر بایەخی بە ئاوەدانكردنەوەی وولاتدا، دوا پادشای بنەماڵەی لەگشی یەكەم(ئوروكاجینا)بووە، لەچینی پیاوانی پەرستگابوو، لەڕێگای كودەتای سەربازی دەسەڵاتی سیاسی وەرگرتووە، لە دەوروبەری ساڵی(٢٣٥٥ پ.ز) حوكمڕانی كردووە، سیستەمی باجی ڕێكخست و دەستی لەخراپەكاران وەشاند، كەسێكی چاكسازبووە هەوڵی داوە چاكسازی بكات لەڕووی كۆمەڵایەتی و ئابوری(عبدالواحید، ٢٠١٨،ل٤١)، هەوڵدانێكی بنەڕەتی بوو بۆ وەلانانی نادادپەروەری و ئەو فشارانەی كە فەرماندارو كاهینەكان سەپاندویان بەسەر خەڵكی گشتیدا، كە بە كۆنترین چاكسازی كۆمەلایەتی و ئابوری لەمێژوودا دادەنرێت، چاكسازیەكانی بە باسكردنی خوداوەندی شاری لەگش(نینگرسو) دەست پێ دەكان، كە لە پێناویدا شا(ئوركاجینا) كۆشك و پەرستگای دروست كرد، چوار پارچەی ئەم چاكسازییە لە لەگش ساڵی(١٨٧٧)ی زاینی دۆزراوەتەوە بۆ یەكەمجار لەلایەن فرانسوا تورو- دانجان)وەرگیراوە(مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٧٣). بەڵام (ئوروكاجینا)تەنها بۆ ماوەی(٨)ساڵ بەردەوام بوو، شار-دەوڵەتی سۆمەری(لەگش) ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە بنیاتنانەوە و داڕشتنی ناسنامەی سۆمەری، ئەم شارە (لەگش) تەنیا یەكەیەكی سیاسی نەبوو، بەڵكو ناوەندی فەرهەنگی و ئایینی بووە و سەربەخۆ بوو و خوداوەند و نەریت و سیستەمی ئیداری و ئایینی خۆی هەبووە، ئەم فرەچەشنە سیاسی و ئایینییە لە چوارچێوەیەكی كولتووری هاوبەشدا یارمەتیدەر بوو بۆ شارستانیەتێك كە پێی دەوترێت "سۆمەری." سەرەڕای دابەشبوونە ناوخۆییەكان، پەرستگاكان ناوەندێكی ڕۆحی و كولتووریيان پێكدەهێنا، كە ناسنامەی شارەكە بەستراببووەوە بە ناسنامەی خوداوەندە پارێزەرەكەیەوە، قەشە و پاشاكان بە ناوی خوداوەندەكانەوە دەسەڵاتیان بەكارهێناوە، ئەمەش یەكگرتنی ئایین و سیاسەتیان لە پێناسەكردنی ناسنامەی سۆمەریدا بەهێزتر كردووە(كريمر، ١٩٧٣، ص١١٢).

جگە لەوەش سیستەمەكانی حوكمڕانی و ئیدارە و ئابووری و پەروەردە كە لە ناو ئەم شار-دەوڵەتەدا بەڕێوەدەبرا، بەشدارییان لە گواستنەوەی سیستەمی بەهای سۆمەری لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە لە ڕێگەی نووسین و فێركاری ئایینی و فێركاری ئیدارییەوە كرد، بەمجۆرە دەكرێ بگوترێ كە شار-دەوڵەتەكان تەنیا بناغەی سیستەمی سیاسی سۆمەری نەبوون، بەڵكو ئەو چەقە بوون كە شوناسی سۆمەری تێیدا دروست بوو پاشان گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها ئامرازێك بوون بۆ چەسپاندن و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری لەناو خەڵك و كۆمەڵگادا(الماجدی،١٩٩٨،ص٤٩).

### ٢.٩.١ دەوڵەتە شاری ئوما:

یەكێكە لەشارە ئاوەدان و بەناوبانگەكانی سۆمەرییەكان، هێزی سیاسی و ئایینی سۆمەری پێكدەهێنا و كاریگەرییەكی قوڵی لەسەر پەرەپێدانی شوناسی سۆمەری هەبوو، (مارف، ٢٠١٣، ل٢٣). شوێنی ئوما نزیكەی (٣٦٥)كم لەباشوری شاری بەغدادەوە دوورەو (٥٠)كم لەباكوری ڕۆژئاوایی شاری گرسو(تللو)ی سۆمەرییەوە دوورە، لە ڕۆژهەڵاتی غەرافە، سەربەقەزایی ڕیف - لە پارێزگای زی قارە، لە ڕووی كارگێرییەوە(٢٨)كم لەناوەندی قەزاكەوە دوورە، ئەم شارە بە پەرستنی خواوەند(ئینانا)ناسراوە، كە یەكێك بوو لە خوداوەندە گرنگەكانی ئەفسانەی سۆمەری(توینبی، ٢٠١٣، ل١٠٦). ڕەهەندێكی قووڵی ئایینی و كولتووری بە شارەكە بەخشی كە یارمەتیدەر بوو لە یەكخستنی ڕێوڕەسم و چەمكە ئایینییەكان لە نێوان شارە جۆراوجۆرەكانی سۆمەریدا، بەمەش شوناسێكی ئایینی هاوبەشی چەسپاند، ئوما نوێنەرایەتی ساتێكی سەرەكی لە مێژووی سۆمەریدا دەكرد، كاتێك (لوگال زاگیزی)، بوو بە پاشا توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر زۆربەی شارەكانی باشووری سۆمەریدا بسەپێنێت و لە ژێر یەك ئاڵادا یەكیان بخات، لە یەكەم هەوڵی ڕاستەقینەدا بۆ پێكهێنانی بوونێكی یەكگرتووی سۆمەری (الزیدی، ٢٠١٧، ل١٧٣).

ئەم شارە هەرچەندە ناوی لە لیستی فەرمی پاشاكانی سۆمەریدا نەهاتووە، بەڵام ڕۆڵێكی مێژوویی بینیووە، بەتایبەتی لە سەردەمی پاشا لوگال-زاگیزیدا، وایكردووە كە لە مێژووی پێكهێنانی ناسنامەی یەكگرتووی سۆمەریدا ڕۆڵێكی سەرەكی ببینێت، (لوگال زاگیزی)یەكێك بووە لە پاشا بەناوبانگەكان و لەبنەماڵەیەكی چینی كاهینەكانی پەرستگا بووە، بۆماوەی(٢٥)ساڵ لەدەسەڵاتدا ماوەتەوە(عبدالواحید، ٢٠١٨، ل٣٨)، لەنێوان ساڵانی (٢٣٧١ -٢٣٤٧ پ.ز) فەرمانڕەوای كردووە (توینبی، ٢٠١٣، ل١٠٧). بە پیاوێكی زۆردار و چەوسێنەر ناسراوە، چونكە بەدرێژایی ساڵانی فەرمانڕەواییەتیەكەی سەرگەرمی شەڕ و داگیركاری بووە، چەندین جەنگی ئەنجام داوە و شارەزای هونەری شەڕكردن بووە، هێرشی كردۆتە سەر چەند شارێك و توانی چەند شارێكی باشور یەكبخات و بیخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی، هێرشی كردەسەر(لەگش)و داگیری كرد و لەناوی برد (مارف، ٢٠١٣، ل٢٣-٢٤).

ئوما یەكەم دەوڵەتی بەهێزی میزۆپۆتامیابوو كە لەسەردەمی پاشا(لۆگال زاگیزی) گەیشتە ئەوپەڕی لوتكەی پەرەسەندن، توانی شارە دەوڵەتەكانی سۆمەری یەكبخات و چوارچێوەیەكی فراوانی بۆ دروستبكات، ئەم یەكگرتنە بەشداری كرد لە دامەزراندنی هەستێكی بەكۆمەڵ بۆ سەربەخۆیی لە یەكەیەكی سیاسی و كولتووری هاوبەشدا، بەڵام بە مردنی ئەم پاشایە

شازادەیەکی تازە پێگەیشووی سامی نەژاد بەناوی(سەرجۆنی ئەکەدی) توانی ئەو دەسەڵاتە تێک بشکێنێت، بەڵام دەتوانین بڵێین ئوما بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی کردووە لە گواستنەوە لە شوناسێکی شارستانی تەسکەوە بۆ شوناسێکی سۆمەری فراوانتر کە لەسەر بنەمای سیاسی و ئایین و زمان و دەسەڵاتی ناوەندی و مێژوویەکی یەکگرتووی دامەزراو(مجید زادە، ٢٠١٢، ل٧٩).

**٣.٩.١ بنەماڵەی وەرکا:**

یەکێک بوو لە شارستانییەتە زۆر کۆن و دێرینەکانی عێراق، دیارترین هێزی سیاسی و ئایینی بوو لە میسۆپۆتامیا، بە یەکەم گواستنەوەی مرۆڤایەتی دادەنرێ لە گوندی بچوکەوە بۆ پێکهاتەی شار بە مانا شارستانییەکەی، لەم شارستانیەتەدا نوسین لەدایک دەبێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە قۆناغی پێش مێژوو بۆ قۆناغی مێژوو، یەکەم تێکستی ئەدەبی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەم شارستانیەتە لەدایک دەبێت، کە ئەویش بریتییە لە نووسینی بسماری(ابو السعود، ٢٠٠٩، ص١٢٧). (ئوروک) یان وەرکا دەکەوێتە باشووری میزۆپۆتامیا، لەو سەردەمەدا ئوروک گەیشتە لوتکە و ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دارشتنی ناسنامەی سیاسی و ئایینی و کولتووری سۆمەرییەکاندا گێڕاوە، وەک یەکێک لە یەکەم شارە ڕاستەقینەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەناسرێتەوە و گەورەترین شارۆچکەی شارستانی بووە لە سەردەمی خۆیدا، ئوروک بە تەلارسازییە مۆنۆمێنتالەکانی تایبەتمەند بووە، لەوانەش پەرستگای ئانو و ئینانا، هەردووکیان تایبەت بوون بە خوداوەندە سەرەکییەکانی وەک ئانو (خودای ئاسمان) و ئینانا (خودای خۆشەویستی و شەڕ و بەخێوکردن)، ئەم پەرستگایانە تەنها ناوەندی ئایینی نەبوون، بەڵکو ناوەندی ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیری بوون، هەروەها پارێزەری بەرهەمە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمەش بووە(سوسە، ١٩٨٠، ص١٣٢-١٣٣). کۆمەڵگەی پەرستگاکان ڕۆڵی ئوروکی وەک سەرکردەیەکی ڕۆحی و کولتووری بەهێزتر کرد، ئەفسانەی خودایی لەناو ناسنامەی مەدەنیدا چەسپاند، ئوروک شوێنی لەدایکبوونی نووسینی میخیی بووە، سیستەمێکی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندیکردن بووە کە ڕێگەی بە سۆمەرییەکان دەدا ئەفسانە و یاسا و ڕێوڕەسمی ئایینی و مامەڵە ئابوورییەکان تۆمار بکەن، ئەم گەشەسەندنە بووە هۆی پاراستن و ستانداردکردنی زمان و مێژوو و جیهانبینییەکی هاوبەش، کە لە پراکتیکەکانی ژمێریاری سەرەتاییەوە سەریهەڵداوە(باقر، ٢٠٠٩ص١٦٥).

شارەکە لە لیستی پاشاکانی سۆمەریدا جێگەی بەرچاوی هەبووە و بەپێی نەریت لەلایەن پاشای ئەفسانەیی گیلگامشەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، کە کارە سەرکەوتووەکانی لە داستانی گیلگامشدا نەمر کراون، کە سەرەتاییترین داستانی ناسراوە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، چالاکییە سەربازی و بازرگانییەکانی ئوروک وای لێکرد کاریگەری لەسەر ناوچە دراوسێکانی هەبێت و مۆدێلە سیاسییەکەی ئیلهامبەخش بوو بۆ گەشەسەندنی شار-دەوڵەتەکانی دیکە لە سەرانسەری میزۆپۆتامیا (رو، ١٩٨٤، ص١٧٤).

پرۆسەی چڕکردنەوەی چالاکیەکان لە شاری ئوروک (وەرکا)، لە بوارەکانی بیناسازی مەزن و ڤیستیڤاڵە ئایینییەکان و دارشتنی مێنتاڵێتییەکی ئەفسانەیی، ڕۆڵێکی ستراتیژییان گێڕا لە بنیاتنانی ناسنامەیی سۆمەری جیاوازدا، ئەم ڕەهەندانە بوونەهۆی یەکخستنی پێکهاتە کۆمەڵایەتتیە جیاوازەکان لەدەوری کۆمەڵێک هێما، خوداوەند و گێڕانەوەی مێژووی هاوبەش، لەم ڕوانگەیەوە ئوروک تەنها چوارچێوەیەکی جوگرافی نەبوو، بەڵکو گوزارشت بوو لەجەوهەری شارستانییەت، چونکە ئەو ناوەندە بوو کە تێیدا توخمە سەرەکیەکانی وەک نوسین، ژیانی شارستانی، ئایینی ڕێکخراو، دامەزراوەی پاشایەتی، لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتودا ئاوێتە بوون، ئەم پەرەسەندنە بوو بە مایەی دەرکەوتنی ناسنامەی سۆمەری و قوڵبونەوەی هۆشیاری بەکۆمەڵ لای ئەو گەلە(الماجدی، ١٩٩٨، ص٦٧).

**ئەنجام**

ئایینی سۆمەری وەک بنەمای سەرەکی شوناسی ئەم گەلە کۆنە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و نافەکی گێڕاوە لە پەرەپێدان و جەختکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیان. ئایینی سۆمەری سەرچاوەی سەرەکی یەکگرتووی و هاوپشتی کۆمەڵایەتی بووە. پەرستگاکان نەک تەنها شوێنی پەرستن بوون، بەڵکو وەک ناوەندی ئابووری، سیاسی، و کۆمەڵایەتی کارکردوون. ئەم سیستەمە ئایینییە گەلی سۆمەریی لە دەوروبەری خوداوەندە جیاوازەکان کۆکردۆتەوە و شوناسێکی هاوبەشی پێداون کە تایبەت بە ئەوان بووە. هەروەها شاری-دەوڵەتەکانی سۆمەری لەسەر بنەمای ئایینی دامەزراون، کە تێیدا فەرمانڕەوا وەک نوێنەری خوداوەند لەسەر زەویدا تەماشا کراوە. ئەم تێگەیشتنە ئایینییە دەسەڵاتی سیاسی بە پیرۆزی و یاساییکردن پشتگیری کردووە و بنەمای دەسەڵاتی نێوخۆیی درووستکردووە.

ئایین تەنیا لایەنێکی ڕۆحی یان عەقیدەیی ژیانی گەلانی میزۆپۆتامیا نەبووە، بەڵکو هێزێکی ناوەندی و کاریگەر بووە لە دارشتن و پەرەپێدانی شارستانیەتدا، لە کۆمەڵگای سۆمەریدا ئایین ئەو چوارچێوەیەی پێکهێنا کە لە ڕێگەیەوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێکدەخرا، شارەکانی سۆمەری لە دەوری کۆشک یان بازاڕ دروست نەکرابوون، بەڵکو لە دەوری پەرستگاکان دروستکرابوون، کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی باڵایان دەکرد و پیرۆز و ئیداری و ڕەمزی تێکەڵ دەکرد، بیروباوەڕ و ئەفسانە و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەشدار بوون لە بنیاتنانی دیدێکی هاوبەش بۆ جیهان و بوون، بەهێزکردنی شوناسی دەستەجەمعی و یەکخستنی دانیشتوان لە ژێر یەک چەتری کولتووری و ئایینیدا، سەرەڕای دابەشبوونی سیاسی نێوان دەوڵەتەکان، هەروەها ئایین شەرعیەتی زیاتری بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەخشی، فەرمانڕەوای کردە نوێنەری خودایی و نەزمی گەردوونی بە نەزمی زەمینییەوە گرێدا، کاریگەرییەکانی ئەم نەخشە ئایینییە بۆ شارستانیەتەکانی دواتر لە بابل و ئاشووردا درێژبووەوە و هێما و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی سۆمەرییەکان بۆ چەندین سەدە بەردەوام بوون لە کاریگەرییان لەسەر کولتوور و کۆمەڵگا، بۆیە دەکرێ بڵێین ئایین تەنیا

پێکهاتەیەکی شارستانیەتی سۆمەری نەبووە، بەڵکو یەکێک بووە لە پایە سەرەکییەکانی، کە بناغەی سەرهەڵدانی یەکەم فۆرمەکانی شوناس و حوکمڕانی و ڕێکخستنی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا داناوە

## لیستا ژێدەران:

**پەرتووک:**


ئاسمۆف، ئیزاك و وایت، فرانك. (٢٠٠٣). مێژوو شارستانیەت هەنگاوی هەزارەکان. وەرگێڕانی حامید گەوهەری. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
ئەبو ئەلسەعود، سەڵاح. (٢٠٠٩). اساطير سومر وبابل. الطبعة الاولی. دار مشارق للنشر والتوزيع.
باخەوان، هاوڕێ. (٢٠٠٣). کوردستان نیشتمانی یەکەمی سۆمەرییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
بارندر، جفری. (١٩٩٣). المعتقدات الدينية لدی الشعوب. ترجمة أمام عبدالفتاح امام. الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب.
باقر، طه. (٢٠٠٩). مقدمة تاريخ الحضارات القديمة. طبعة الاولی. بغداد: شركه الدار الوراق للنشر المحدود.
باقر، تەها. (٢٠١٨). سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانێتە دێرینەکان. وەرگێڕانی عوسمان عەلاف و ئەفراسیاب رشید. چاپی یەکەم. تاران: چاپخانەی تاران.
توینبی، ئەرنۆڵد. (٢٠١٣). مێژووی مرۆڤایەتی. وەرگێڕانی دڵشاد مستەفا وەسانی. چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
الجنابی، قيس حاتم هانی. (٢٠١٢). تاريخ الشرق الأدنى القديم. طبعة الاولی. عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع.
دۆرانت، ویل. (٢٠٠٧). مێژووی شارستانیەت. وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی و ئەوانی تر. چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
ڕەشید، عبدالوهاب حمید. (٢٠٠٤). حضارة وادي الرافدين (ميزوبوتاميا). الطبعة الاولی. دمشق: الناشر المدى.
ڕەشید، يحيى انور. (١٩٦٩). تاريخ الفن في العراق القديم. بيروت.
ڕۆ، جورج. (١٩٨٤). العراق القديم. ترجمة حسين علوان حسين. الطبعة الاولی. بغداد: دار الحرية للطباعة.
زادە، یوسف مجید. (٢٠١٢). مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا. وەرگێڕانی سەمیر حوسین. بەرگی (١-٣-٤). چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
زیدی، موفید. (٢٠١٥). سەرەتایەك لە فەلسەفەی مێژوو. وەرگێڕانی بورهان حاتم گۆمەتاڵی. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی هزر.
ساكز، هاری. (١٩٧٩). عظمة بابل (موجز حضارة وادي دجلة والفرات القديمة). ترجمة عامر سليمان. الموصل: جامعة الموصل.
سوسە، أحمد. (١٩٨٠). حضارة وادي رافدين بين الساميين والسومريون. بغداد: دار الرشيد للنشر.
سەدی، حسين محمد محی الدين. (١٩٩٥). تاريخ الشرق الادنى القديم (العراق، ايران، اسيا صغرى). الجزء الثاني. اسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
سەلیم، أحمد أمين. (٢٠٠٠). دراسات في تاريخ وحضارات الشرق الادنى القديم (٥) تاريخ العراق-ايران-أسيا الصغرى. الطبعة الاولی. الاسكندرية: دار الجامعية.
سەلیم، أحمد أمين. (٢٠١١). دراسات في تاريخ وحضارة مصر والشرق القديم (٦) حضارة العراق القديم. الاسكندرية: دار معرفة الجامعية.
سەلیم، ئەحمەد ئەمین. (٢٠١٤). مێژووی کۆنی میسر و عێراق. وەرگێڕانی فەیسەڵ خەلیل. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
سەعید، مؤيد. (بێ ڕێکەوت). العمارة من عصر السلالات الى نهاية عصر البابلي الحديث، الحضارة العراق. الجزء الثالث. بغداد: دار الحرية.
شاکر، مەحمود. (٢٠١١). مێژووی شارستانێتەکان. وەرگێڕانی موسا محەمەد عەبدولڕەحمان و نهاد جلال. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
عبدالحليم، نبيلة محمد. (١٩٨٣). معالم العصر التاريخي في العراق القديم. الأسكندرية: دار المعارف.
عبدالواحد، فاضل. (١٩٩٦). من سومر الى التورات. الطبعة الثانية. القاهرة: السينا للنشر.
عبدالواحید، کەلسومە جەمیل. (٢٠١٨). مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک عێراق، ئێران، وولاتی شام. چاپی سێیەم. هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.
عبدالمنعم، أحمد ربيع. (٢٠١٧). نابوخزنە سەر و مەملەکەتی بابل. وەرگێڕانی گەرمیان محەمەد ئەحمەد. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
عەلی، سعيد أسماعيل. (١٩٩٩). التربية في حضارات الشرق القديم. القاهرة: عالم الكتب.
قاشا، سهيل. (٢٠١٦). تاريخ الفكر في العراق القديم. لبنان: مكتبة الفكر الجديد.
كريمر، صموئيل نوح. (١٩٧١). من ألواح سومر. ترجمة طه باقر. بەغداد: مكتبة المثنى.
كريمر، صموئيل نوح. (١٩٧٣). السومريون: تاريخهم وحضارتهم وخصائصهم. ترجمة د. فيصل الوائلي. الكويت: وكالة المطبوعات.
الماجدي، خزعل. (١٩٩٨). متون سومر. الطبعة الاولی. عمان: منشورات الأهلية.
مارف، عومەر ئیسماعیل. (٢٠١٣). تۆمارکانی مێژوو. سلیمانی: چاپخانەی بینایی.
مەعدی، الحسينى الحسينى. (٢٠١٢). الأساطير السومرية. الطبعة الاولی. القاهرة: كنوز للنشر والتوزيع.
ملحم، بدر نبيل. (٢٠١٥). تاريخ الحضارات القديمة. الطبعة الاولی. عمان: دار الأعصار العلمي.
مهران، محمد بيومي. (١٩٩٠). تاريخ العراق القديم. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
میرۆپ، مارک ڤان دی. (٢٠١٨). مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن و دەووروبەری. چاپی یەکەم. سلیمانی: چاپخانەی تاران.
ناردۆ، دۆن. (٢٠٠٨). ئیمپراتۆریەتی ئاشوور. وەرگێڕانی یادگار حمەغریب. چاپی یەکەم. سلیمانی: چاپخانەی سەردەم.
نانەکەلی، زریان ئەحمەد. (٢٠١٨). پوختەیەك لە مێژووی شارستانیەتەکانی (سۆمەری–ئیسلام–ئەمریکا). چاپی یەکەم. هەولیر: چاپخانەی تەفسیر.
هەرشەمی، شاسوار. (٢٠١٨). ئاوڕێك لە زمانی سومەری. تاران: چاپخانەی تاران.
هیدایت، فەرمان. (٢٠١٣). سۆمەرییەکان ڕابردووی کوردن. چاپی یەکەم. کەرکوك: چاپخانەی کارۆ.
Ameri, M., Costello, S. K., Jamison, G., & Scott, S. J. (2018). Seals and Sealing in the Ancient World: Case Studies from the Near East, Egypt, the Aegean, and South Asia. Cambridge University Press.
Bahrani, Z. (2017). Mesopotamia: Ancient Art and Architecture. London: Thames & Hudson.
Collins, P. (2021). First Cities: Mesopotamia to the Indus. London: Thames & Hudson.
Crawford, H. (2015). The Sumerian World. Routledge.
Dilek, M. S. (2023). The Dawn of Civilization: Mesopotamia. Istanbul: Academic Press.
Durant, W. (2010). Our Oriental Heritage: The Story of Civilization. Simon and Schuster.
Eliade, M. (1954). The Myth of the Eternal Return: Cosmos and History. Princeton University Press.
Jacobsen, T. (1976). The Treasures of Darkness: A History of Mesopotamian Religion. Yale University Press.
Kuiper, K. (2011). Mesopotamia: The World's Earliest Civilization. 1st ed. New York: Britannica Educational Publishing.
Leick, G. (2021). Mesopotamia: The Invention of the City. Penguin UK (Reprint).

Van De Mieroop, M. (2020). A History of the Ancient Near East, ca. 3000-323 BC. 4th Edition, Wiley-Blackwell.

Zettler, R. L. (2021). "The Royal Cemetery of Ur". In: The Oxford History of the Ancient Near East. Oxford University Press.

**گۆڤار:**

حلمی، پاکیزە رفیق.(١٩٨٨). سۆمەرییەکان ئاری بوون، گۆڤاری کاروان، چاپخانە، ماڵی ئازاد (دار الحریە)، ژمارە(٦٢).

Dilek, Y. (2023) 'Sumerians in Light of Eliade's Concept of Sacredness', Darulfunun Ilahiyat, 34(1), pp. 245–249. doi: 10.26650/di.2023.34.1.1182929.

Hermalin, N. and Regier, T. (2019) 'Efficient use of ambiguity in an early writing system: Evidence from Sumerian cuneiform', Proceedings of the Annual Meeting of the Cognitive Science Society, 41(0), pp. 442.

Woolley, L. (1939) 'The Great Ziggurat of Ur', Iraq, 6(1), pp. 3-7. doi: 10.2307/4199534.

Liverani, M. (2014). The Ancient Near East: History, Society and Economy. Routledge.

Pittman, H. (2019). "Art of the State: The Administrative Seal in Early Mesopotamia". In: The First Cities. New York: Metropolitan Museum of Art.

Pollock, S. (1999). Ancient Mesopotamia: The Eden that Never Was. Cambridge University Press.

Postgate, J. N. (1994). Early Mesopotamia: Society and Economy at the Dawn of History. Routledge.

Roux, G. (1992). Ancient Iraq. 3rd ed. London: Penguin Books.

Sachs, H. (1979). The Rise of Civilization in Egypt and Mesopotamia. London.

Steinkeller, P. (2021). History, Texts and Art in Early Babylonia. De Gruyter.

Tsouparopoulou, C. (2015). The Materiality of Administration in Ur III Mesopotamia. Oxford: Archaeopress.

**دور الدين في تشكيل وتعريف الهوية السومرية**

**الملخص:**

شكّل الدين أحد الركائز الأساسية في تكوين هوية شعوب بلاد ما بين النهرين، وبخاصة السومريين، الذين يُعدّون من أقدم الشعوب التي طوّرت نظامًا دينيًا معقدًا، ولا يزال له تأثير كبير على مختلف جوانب الحياة السياسية والاجتماعية والثقافية والفنية حتى الوقت الراهن. مثّل الدين جزءًا جوهريًا من هوية الشعب السومري، كما آمنوا بعدد كبير من الآلهة المرتبطة بالظواهر الطبيعية والنظام الكوني. في دول المدن السومرية، شُيِّدت المعابد التي لم تكن مجرد مراكز للعبادة فحسب، بل مؤسسات إدارية واقتصادية وتعليمية وثقافية، مما أضفى على الدين بُعدًا مؤسسيًا في تشكيل المجتمع، اعتقد السومريون أن الآلهة خلقت البشر لخدمتهم، مما أدى إلى نشوء نظام عبادة صارم شارك فيه كل من الملك ورجال الدين (الكهنة). كما شكّلت المهرجانات والطقوس الدينية واللغة والكتابة والأساطير والقصص الدينية جزءًا مهمًا من الهوية الدينية والثقافية للشعب السومري. كان الملك يُنظر إليه بوصفه ممثلًا إلهيًا أو مفوضًا من الآلهة، مما أضفى شرعية دينية على السلطة السياسية ومنح طابعًا مقدسًا للهوية السومرية، اعتُبرت المعابد (الزقورات) أماكن مقدسة تُؤدّى فيها العبادة والقرابين للآلهة، وكانت مرتبطة بحياتهم اليومية. تهدف هذه الدراسة إلى إبراز أهمية الدين في ترسيخ وتعزيز هوية الشعب السومري، الذي اكتسب طابعًا دائمًا من توحيد طبقات المجتمع وإضفاء الشرعية على سلطة الملوك الذين قدموا أنفسهم كممثلين للآلهة على الأرض، مما عزز هوية الشعب السومري القديم في تلك الحقبة، شكّلت المعتقدات الدينية والمعابد مركزًا مهمًا للنشاط الاجتماعي والاقتصادي والسياسي والتجاري والثقافي، وكانت جزءًا لا يتجزأ من الهويات الثقافية والسياسية للسومريين، يتمحور السؤال الرئيسي للبحث حول: كيف وبأي طريقة يُعتبر الدين السومري العامل الأساسي في تكوين الهوية القومية والاجتماعية للشعب السومري؟

**الكلمات المفتاحية:** السومرية، المعبد، الدين، الشعوب القديمة، الهوية.

**THE ROLE OF RELIGION IN THE FORMATION AND DEFINITION OF SUMERIAN IDENTITY**

**ABSTRACT:**

Religion was a foundational pillar in constructing the identity of the Mesopotamian peoples, particularly the Sumerians, who were among the earliest nations to develop a complex religious system. This system continues to exert a significant influence on various aspects of life, including political, social, cultural, and artistic domains. Religion was an essential component of the Sumerian people's identity; they believed in a multitude of gods associated with natural phenomena and the cosmic order. Temples were established in the Sumerian city-states, serving not merely as centers of worship but as administrative, economic, educational, and cultural institutions. This structural dimension endowed religion with a formative role in shaping society. The Sumerians believed that the gods created humans to serve them, which led to the emergence of a rigorous system of worship, involving both kings and priests. Religious festivals, rituals, language, writing, and sacred myths and epics became important parts of the Sumerian religious and cultural identity. The king was regarded as a divine representative or as commissioned by the gods, which conferred religious legitimacy upon political authority and imparted a sacred character to the Sumerian identity. The temples (Ziggurat) were considered sacred places where worship and sacrifices were performed for their gods, deeply connecting these practices to their daily lives. The objective of this research is to present the crucial role of religion in the emergence and development of the Sumerian identity, which acquired an enduring characteristic in unifying the classes of society and legitimizing the authority of kings, who presented themselves as representatives of the god on earth. This strengthened the identity of the ancient Sumerian people of that era. Religious beliefs and temples were significant centers for social, economic, political, commercial, and cultural activities, forming an inseparable part of the cultural and political identity of the Sumerians. The primary question of this research is: How and in what ways is the Sumerian religion considered the main factor in the formation of the national and social identity of the Sumerian people?

**Keywords:** Sumerian, Temple, Religion, Ancient Peoples, Identity.